# ژێرزەمینی دوو بازاڕی سلێمانی نووقمی ئاو بوون



بەهۆی باران بارینەوە هەندێک شوێن لەسلێمانی لافاوی بەخۆیەوە دیوە

فۆتۆ: یەحیا ئەحمەد

ئا: ئاوێنە

کاسبکارانی بازاڕەکانی (دەبباغو گەیلانی) لەشاری سلێمانی گلەیی ئەوە دەکەن کە بەهۆی "ئاوی رەئیسییەوە" ژێرزەمینەکانیان پڕ دەبن لەئاو، بەو هۆیەشەوە زەرەرێکی زۆریان لێکەوتەوەو بەڕێوەبەرایەتی ئاویش ئاوڕێکی جددییان لێنەداتەوە، بەرپرسانی ئاویش دەڵێن "هەوڵمان بۆ داونو ئەگەر ئەوانیش پێشنیاری چارەسەریان هەیە با هاوکاریمان بکەن".

بازاڕی (دەبباغو گەیلانی) دەکەونە پشت چایخانەی شەعب لەنزیک بەردەرکی سەرای سلێمانی ماوەی چەند مانگێکە دروستکراون، بەڵام ئەوەی جێگەی ناڕەزایی دوکاندارو خاوەن بازاڕەکانە کۆبوونەوەی ئاوێکی زۆرە لەژێر زەمینی بیناکانداو لێکەوتنەوەی زیانێکی زۆرە لێیان، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی ئاو بەهۆکاری سەرەکی زیانەکانیان دەزانن.

بەهادین ئیبراهیم ناسراو بە (حاجی بەهادین) کە دوکانی پێڵاوی هەیە لەبەردەرکی سەراو سێ دوکانیشی وەکو مەخزەن هەیە لەبازاڕی گەیلانی، بەتوندی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو کێشەیەیان دەربڕیو وتی "نزیکەی سێ مانگە ئەو ئاوە دێتە ژێرزەمینەکەو ناو دوکانەکانمان، پێشتر کێشەمان نەبوو، بەڵام جاروبار ئاوەکە کەم دەبووەوە، بۆیە ئێمەش بەدواداچوونمان بۆ کردو دەرکەوت ئاوی رەئیسییە، لەبەرئەوەی لەو کاتانەدا کە ئاوی رەئیسی هەیە ئەو ئاوەش لەژێر زەمینەکەدا کۆدەبێتەوە، بەڵام کاتێک ئاو نابێت ئەو ئاوە کۆنابێتەوە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە لەو شوێنەدا بۆرییەکی ئاو شکاوەو تائێستاش بەڕێوەبەرایەتی ئاو نەیتوانیوە چارەسەری کێشەکەیان بکات.

حاجی بەهادین وتی "لەم ماوەیەدا جێگری بەڕێوەبەری ئاو لەڕێگەی راگەیاندنەوە وتی "ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نییە"، منیش پێی دەڵێم ئەگەر ئەو ئاوە ئاوی رەئیسی نەبوو ئەوا هەموو سەروەتو سامانم لەسەر ئەو بەڕێزەت تاپۆ دەکەم، بەڵام ئەگەر ئاوی رەئیسیش بوو با ئەو دەستلەکاربکێشێتەوە، لەکاتێکدا هەتا ئێستا تەنها دوو کارمەندی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هاتوون بۆ کەشفی شوێنەکە یەکێکیان زۆر باشەو بەدواداوچوونی کرد، بەڵام یەکێکی دیکەیان وەڵامی پەیوەندییەکانیشمان ناداتەوە".

ئەم دوکاندارە باسی لەوەکرد کە لەو ماوەیەدا زۆرترین پێڵاوی فەوتاوەو زەرەری کردووەو وتی "ئەگەر ئاورمان لێنەدەنەوە داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکەم، چونکە شوێنەکە بۆتە مەلەوانگە".

هەروەها کاوە غەفور کەریم، خاوەنی بازاڕی دەبباغ، ئاشکرایکرد کە بازاڕەکەیان زیاتر لەپێنج مانگە تەواو بووە، بەڵام وا بۆ سێ مانگ دەچێت ژێر زەمینەکەمان پڕ دەبێت لەئاو، کاوە وتی "وردە وردە ئاوەکە زیادی کرد سەرەتا وامانزانی ئاوی بیناکەی خۆمانە، بەڵام دواتر دەرکەوت بازاڕەکەی تەنیشتیشمان هەمان کێشەی ئێمەیان هەیە، بۆیە چەند جارێک پەیوەندیمان بەبەڕێوەبەرایەتی ئاوەوە کردو وتیان "پەیوەندی بەئێمەوە نییە"، بەڵام دواتر بەزۆر هاتنو وتیان بۆرییەکتان بۆ قەتع دەکەین، دوای ئەوە باشبوو، بەڵام ئێستا کێشەکە وەک خۆی لێهاتۆتەوەو کاتێک ئاوەکە بەر دەدەنەوە ژێرزەمینەکەمان پڕ دەبێت لەئاو".

ئەو خاوەن بازاڕە جەختی لەوەکردەوە "کێ زەمانەتی ئەوە دەدات کە بیناکەمان تێک نەچێتو هەرەس نەهێنێت، چونکە لەئێستادا ژێرزەمینەکە بەهیچ شێوەیەک ئیشی تیا ناکرێت".

لەبەرامبەردا جێگری بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی، سەربەست عوسمان لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە رایگەیاند کە ئەوان ئیشێکی زۆریان بۆ ئەو دوو بازاڕە کردووەو بنکەیەکیشیان بەتایبەت کاریان بۆ کردوون، نموونەیەکی ئاوەکەیان وەرگرتووەو فەحسیان بۆ کردوون، بەڵام دەرکەوتووە کە ئاوی خواردنەوە نییە، ناوبراو وتی "ئێمە ناتوانین بڵێین ئەو کێشەیە پەیوەندی بەئێمەوە نییەو هەوڵدەدەین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، بەڵام باشتر وایە ئەوان سەردانێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەویش بکەن نەوەکو کێشەکە پەیوەندیشی بەئاوەڕۆوە هەبێت".

ناوبراو وتیشی "کۆمپانیای (نویێ) ئیشی بۆ ئێمە کردووەو هەندێک بۆری ئاویان گۆڕیوەو رەنگە ئەوانیش هۆکاربن بۆ ئەو کێشەیە، بەڵام داواکارین خاوەن دوکانەکانیش ئەگەر هەر چارەسەرێکی دیکەیان لا هەیە سەبارەت بەسەرچاوەی ئەو ئاوە هاوکاریمان بکەن".

**ئەگەر ئەو ئاوە ئاوی رەئیسی نەبوو ئەوا هەموو سەروەتو سامانم لەسەر ئەو بەڕێزە تاپۆ دەکەم، بەڵام ئەگەر ئاوی رەئیسیش بوو با ئەو دەستلەکاربکێشێتەوە**

# رەئووف بەگ کێیە؟



شەهید رەئوف بەگ

پاش ئەوەی لە ژمارە ٢١٢ بابەتێکی رۆژنامەوانی لەسەر ناونانی ئەندەرپاسە نوێیەکەی سلێمانی بە ناوی "رەئووف بەگ کێیە؟" لە ئاوێنە بڵاوبۆوە، لە بەدواداچونی زیاتری رۆژنامەکە دەرکەوتووە، کە ناوبراو رەئووف مستەفا میرانەو ناسراوە بە رەئووف بەگو یەکێک بووە لە شۆڕشگێڕانی سەردەمی شاخو لە شەڕی هەکاریدا شەهیدبووە.

ئەم ئەندەر پاسە کە پرۆژەی پارێزگای سلێمانییەو هەر ئەوانیش ناوییان ناوە، هەرچەندە ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی ئەو زانیارییەی بە ئاوێنەدا کە ناونانی شوێنە گشتییەکان پەیوەندی بەوانەوە هەیە نەوەکو پارێزگا.

لەدنیادا شوێنی گشتی بەناوی ئەو کەسانەوە دەکرێت کە لە کۆمەڵگاکەیان رۆڵێکی مەزنیان دیبێ لە یەکێک لە قۆناغە مێژوییەکانی ئەو وڵاتە. رەنگە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی ئەوەی بە ئەو ئەندەرپاسەدا گوزەرابێت، ئەو پرسیارەی لەلا دروست بوبێت و بەخەیاڵیدا هاتبێ کە (ئەو کەسەی ئەندەرپاسەکەی بە ناوەوە نراوە کێبێت؟)، هەر بەو مەبەستەش ئەو کارە رۆژنامەوانییە کراوە، بۆ زیاتر ئاشنابوون کە رەئووف بەگ کێیە، سەرچاوەیەک سەبارەت بە ژیانی رەئووف بەگ دەڵێت "رەئووف مستەفا میران، ناسراو بە (رەئووف بەگ) ساڵی ١٩٣٩ لەگوندی (قلیجە) ی بناری شارەزوور لەدایکبووە، تەمەنی منداڵی هەر لەم گوندە بەسەربردووە.

لەئەیلولی ساڵی ١٩٦١ لەیەکەم شەڕی تونێلی دەربەندیخان بەشداری دەکاتو پاشان درێژە بەکاری سیاسیو پێشمەرگایەتی ئەدات.

لەساڵی ١٩٦٧ دەبێتە سەرلق.

لەساڵی ١٩٦٨ لەگوندی (پۆشێن)ی (شارباژێڕ) بەخەستی بریندار دەکرێت.

لەساڵی ١٩٦٩ دەکرێت بەفەرماندەی بەتالیۆن لەناوچەی دەربەندیخان.

شەهید (رەئوف بەگ) لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیو ماوەیەک دەمێنێتەوە، لەم ماوەیەدا رژێم چەند جارێک بەبیانووی جۆراوجۆر دەستگیری دەکاتو دواجار بۆ ماوەی (٤٥) رۆژ لە دەربەندیخان زیندانی دەکات، هەر لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول چەند جارێک دەچێتە بەغدادو ناسریەو عەممارە بۆ دیتنو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردە مەنفیکراوەکانی شۆڕش، چاوی بەشەهیدان (تایەری عەلی والی بەگ)ی ئامۆزایو (عەلی عەسکەری)و کۆمەڵێک لەشۆڕشگێڕانی ئەو دەمە دەکەوێتو بەرنامەی سەرهەڵدانو خەبات لەدژی دیکتاتۆریەتو چەوساندنەوەو ستەمی نەتەوەیی دادەڕێژنو بۆ هێنانەدی بەرگریو بۆ هەڵایسانی یەکەم بڵێسەی شۆڕش.

شەهید (رەئووف بەگ) راسپێردراو یەکەمین مەفرەزەی شۆڕشی نوێی لەبزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە باڵێکی نێو یەکێتی نیشتیمانی بوو، لەساڵی ١٩٧٦ لەناوچەکانی شارەزوور، شارباژێڕو پێنجوێندا پێکهێنا.

شەهید (رەئوف بەگ) شەرەفی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو ئەندامی سەرکردایەتی ئەو باڵەی نێو یەکێتی نیشتیمانی پێبڕا.

پاشان لەیەکەم تەشکیلەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەکرێتە فەرماندەی هەرێمی (١)و دواتریش ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک).

لەساڵی ١٩٧٨ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی بڕیاریدا هەموو هێزی پێشمەرگە بەرەو تورکیا بەڕێکەون بۆ هێنانی چەکو (رەئوف بەگ) دەبێتە یەکێک لەفەرماندەکانی بەشی یەکەمی هێزە سێ بەشییەکەی یەکێتی.

لەمانگی حەوتی هەمان ساڵداو دوای زنجیرە شەڕو نەبەردییەکی بێوێنە لەهەکاری، بەسەختی بریندار دەکرێتو پاشان لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تری هاوڕێی دەبرێتە نەخۆشخانەی ئامەد لە شاری (دیاربەکر)، ماوەی ١٨ رۆژ لەنەخۆشخانە بەقەرەوێڵەکەیەوە کەلەپچە دەکرێتو لەرۆژی ١٩٧٨/٧/٢٦ بەپیلانێکی رەش لەناو دەبرێتو گیانی دەبێتە قوربانی گەلو نیشتیمانەکەی.

ریکلام



لیستی
هاوپەیمانی کوردستان
(پارێزگای هەولێر)

٣٧٢

٤

## ژیاننامەی (سعدی احمد پیرە) پاڵێوراوی ژمارە (٤)ی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارە (٣٧٢)

- لە ١٩٥١/٧/١ لە ناحیەی دیبەگەی قەزای مخمور سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایکبووە.
- لەساڵی ١٩٦٧ دەستی بەچالاکی سیاسی کردووە لەهەمان ساڵدا ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە.
- لەساڵی ١٩٧٤ کارگێڕی ناوچەی (قەندیل ـ پ.د.ک) بووە.
- ساڵی ١٩٧٦ بووە بە ئەندامی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات.
- لەساڵی ١٩٧٨ نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە لەنەمسا.
- چووەتە زانکۆی تەکنەلۆجیا (تەکنیکی) لە نەمسا.
- لەساڵی ١٩٧٨ لێپرسراوی رێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە لەئۆروپا.
- لەساڵی ١٩٩٢ ئەندامی یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان بووە.
- لەساڵی١٩٩٣ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بووە لە کابینەی دووەم.
- لەساڵی ١٩٩٥ بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک).
- لەساڵی ١٩٩٦ بۆتە وەزیری تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی.
- لەساڵی ١٩٩٨ بۆتە وەزیری یارمەتیو هاوکاریو مرۆڤایەتی.
- لەساڵی ١٩٩٩ لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوەی (ی.ن.ک) بووە.
- لەساڵی ٢٠٠٢وە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)ە.
- لەساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٥ لێپرسراوی مەلبەندەکانی هەولێرو موسلی (ی.ن.ک) بووە.
- رێکخەری پەیوەندی نێوان (ی.ن.ک)و سۆسیال ئینترناسیۆنالە.
- بەشداریو نوێنەرایەتی چەندین کۆنفرانسی نێودەولەتی کردووە.
- بێجگە لەزمانی دایک زمانەکانی (عەرەبیو ئینگلیزیو فارسیو ئەڵمانی) دەزانێ.